ژیانی کۆمەڵایەتی منداڵ؛ لە شیعریی (منداڵی درزن)ی ئەحمەد عارفدا.. عەبدوڵا سەمان(مەشخەڵ)

دەق و ڕاخنە

ئەم شیعرەی کاک ئەحمەد عارفی شاعیر (منداڵی درزن)، مەژووی نووسینی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٢، بەڵام بڵاوپەیەی کە جارێکی تر لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک داینا وتەوە، مانای وایە کاک ئەحمەد هیچ کۆشەیەکی لەسەر شیعرەکە و ناوەڕۆکەکەی نییە. من لەڕدا هەوڵ دەدەم شیعرەکە دابنەمەوە و ئینجا وردە وردە دەچمە سەر ئاستی بابەتەکەم کە کۆشکانی پەروەردەیە و لەگەڵی شیعرەکەوە کە شیعرێکی تەعلیمییە، تیشکێک دەخەمە سەر تەوانینی شاعیر بۆ پەروەردە و بنەماکانی پەروەردەی منداڵ لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

دەقی شیعری منداڵی درزن

منداڵێکی چاو چنۆک

پیس و چڕپڕ ، گرینۆک

لە کانا لاسار بوو

ئازای گیانی زامدار بوو

لەم گەلاوە بۆ ئەو گوفێک

هاوڕێی تانجی و تووڵە و سەگ

کەس نەبوو خۆشی وێ

دڵ نەبوو بۆی سووتێ

ڕۆژێ ئەکەوت ئاوا بوو

چاو چنەک لە ئاوا بوو

بەوپەری بەشەرمییەوە

لە دەو ناسەمەوە

منداڵانی بەزار کرد

هەندەی بە درێ هاوار کرد

تا لەناکاو گابەردە

بەی بوو بە بەڵاو دەردە

خوێنی تکەکە بە ئاو بوو

خەڵکی و خەشی زگار بوو.(١)

ژیانی کەمەڵایەتی منداڵی کورد

ئەم حیکایەتە تراژیدییەی کاک ئەحمەد عارفی شاعیر، هەر تەنها حیکایەتی منداڵێکی درەزنی نەو دەقەکە نییە، بەڵکوو حیکایەتی دەیان و سەدان منداڵی نەبووون و هەژارن، کەلە گەڵکە هەژارنشینەکان و لە پەراوێزی شارەکاندا ژیاون و دەژین. ئەو گەڵکانەی کە جگە لە خانووی نزم و شەدار و بە خزمەگوزار کە دیمەکانیان دەنگدانەوەی بەدبەختی و دەستکورتییانە، شتێکی تری تیا نابینیت. لەبەر ئەم گەڵکە تاریکانەی قەراغ شارەکان، منداڵە بزەو و شەڵانیی و کراس و شەواڵ دەاو و چەقاوەسووەکان دەژین، ئەو منداڵانەی کە خەزانەکانیان هەژار تا ئەوار لە هەوەی ئەودان بتوانن پاروونانێک بە ئەو منداڵە چەقاوەسووانە پەیدا بکەن. سیستەمی دەڵەقی سەرمایەداری بەجۆرێک کەمەگەی شەواندەتە سەریەک و خەڵکی کرێکار و زەحمەتکەشی کەمەگەی بە جۆرێک لەقابەداوە کە مرۆڤەکان هەر فریای ژیانێکی مەمرەومەژی بکەون، نەک ژیانێکی ئینسانیی شایستە بە مرۆڤی سەردەم. کاک ئەحمەد عارف ئەم ڕاستییە نابینێت یان دەیبینێت و خەی لە لادەدات و هاتووە منداڵێکی بە موجەددی وەرگرتووە و وێنای کردووە. وەک ئەوەی منداڵانی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان هەموو پشتە و پەرداخ و خاوێن نەوشتی بەرز و ڕاستگۆ بن و تەنها ئەو منداڵە درەزن بێت. با بزانین چۆن؟

با سەرەتا لە ناونیشانەکەوە دەست پێبکەین. کاتێک دەقێک

دەنووسرێت، جا شیعر بێت یان چیرۆک یان ھەمان یان شانۆگەری، یەکەمین بەرپەککەوتنی خوێنەر و دەق، لەرێگەی ناونیشانکەیەتی. ناونیشان گرنگییەکی زۆری ھەیە. ھەڵبژاردنی ناونیشان ھەر بەتەنھا وابەستە نییە بە ناوەڕۆکی دەقەکەوە، بەڵکوو وابەستەش بە ھەلومەرجە سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و مەعریفییەی ئەو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەی کە دەقەکەی ھووبەوو دەکرێتەوە. شاعیر لە ھەڵبژاردنی ناونیشاندا (منداڵێکی درزن) دەیەوێت دیوی ناشیرینی قوربانییەکمان نیشان بدات کە ھەموو دەزانین ئەو قوربانییە، قوربانی چ سیستەمێکی چینایەتی دەدەق. ئەوەی کاریگەری لەسەر منداڵ دادەنێت جگە لە خەزانەکەی، قوتابخانە و دەزگا میدیاییەکانی دەوڵەتن. جارێ گرنگە خەزانەکان بزانن چۆن منداڵەکانیان پەروەردە دەکەن و لەوەش گرنگتر خودی خەزانەکانن کە ئایا تا چەند خوێندەوار و تێگەیشتوون و زانستییانە بیر دەکەنەوە. ئایا ئەو دایک و باوکانە چەند لە جیھانی منداڵەکانیان تێگەیشتوون؟ ئەو دایک و باوکانە چەند لە بنەماکانی پەروەردەی منداڵەکانیان حاڵی بوونە و چۆن دەتوانن وەڵام بە داخوازییەکانی منداڵەکانیان بدەنەوە؟ ئایا دەشێت چیرۆکێک بنووسین بەناوی شازادە ولیەمی چەمن؟ نا ناکرێت. بۆچی؟ چونکە شازادە ولیەم لە چینی بەرژوایە و فەرمانڕەوایە و دەوڵەمەندە و دەیان بەردەستی ھەیە و مەحاڵە شازادە ببینین چەم بە لووتیا شۆڕ بێتەوە. باسکردنی چیرۆکێکی لەوجۆرە بەسە بە ئەوەی بە شێت و نەزان و بێئاگات ناوزەد بکەن. بەڵام نووسینی چیرۆکێک یان شیعرێک لەسەر منداڵێکی چەکنی ڕەحیماوەی گەڕەکی شاری کەرکووک، یان گەڕەکی باداوەی شاری ھەولێر ئاسایییە و ڕەنگە دەیان دەستخەشیت لێبکرێت. ھەکارەکەی ئاسانە. لە گەڕەکەکانی ڕەحیماوە و باداوە منداڵان بەزەری لەو خەزانانەوە دەن کە بەپێی پێویست خوێندەوار نین و دایکان و باوکان ھۆشیاری پێویستییان لەسەر پەروەردەی منداڵ نییە و تەنانەت ڕەژ نییە منداڵەکانیان لەسەر لاساریی و چەقاوەسوویی دارکاریش نەکەن. ئەوەی ھۆشیاری کۆمەڵایەتی دیاری دەکات واقیعی کۆمەڵایەتییە.(٢) ھۆشیاری دووا کۆتووانەی خەزانەکانیش ھەر واقیعی کۆمەڵایەتی کوردستان دیاری دەکات.

منداڵێکی چاو چنۆک

پیس و چڕپڕ ، گرینۆک

لە کۆڵانا لاسار بوو

ئازای گیانی زامدار بوو

لەم گەلاوێژە بۆ ئەو گوفتگۆیە

هاوڕێی تانجی و تووڵەی سەگ. (شیعری منداڵەکی دڕزن ئەحمەد عارف)

ئەم سیفەتانەی دراونەتە پاڵ ئەم منداڵە (پیس، چڵپۆک، چاوچنۆک، گرینۆک، لاسار، هاوڕێی تانجی و سەگ)، وێنەیەکمان نیشان دەدات، کە منداڵەکە بە ناشرینی ببینین. سیفەتە نیگەتیڤەکان وەک بەشێک لە فەرهەنگی دووانەکەوتووانەی کۆمەڵگە داهێنراوی ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕی زاڵی نێو کۆمەڵگەیە. بیروباوەڕی زاڵی نێو هەر کۆمەڵگەیەکیش بیروباوەڕی چینی دەسەڵاتدارە.(٣) جا ئەو دەسەڵاتدارە خاوەن کەلەکان یان دژبەرەکان یان سەرمایەداران بن. ئەو سیفەتانەی شاعیر لەم سێ دێڕەدا ڕیزی کردوون، دوو جۆرن، جۆرەکیان سیفەتگەلێکی نیگەتیڤن و دوادەیان سیفەتی پۆزەتیڤە، بەڵام لای شاعیر بە نیگەتیڤ ڕیزبەند کراوە. پیس، چڵپۆک، چاوچنۆک، گرینۆک، لاسار نیگەتیڤن، بەڵام بۆچی دەبێت هاوڕێکردنی تانجی و سەگ نیگەتیڤ بێت؟ بۆچی هاوماڵیکردنی سەگ کارێکی دروست نییە لای شاعیر؟
بەبۆچوونی من هەیەکەی باکگراوندی کلتووری کوردیی شاعیر نییە، چونکە لە فەرهەنگ و کلتووری کوردیدا سەگ هاوماڵ و هاوڕێیی مرۆڤە، بەڵکوو کاریگەری باکگراوندی کلتووری ئاینییە کە شاعیر سەگ بە ئاژەڵێکی پیس وەسف دەکات. (هەنگە حیکمەت یان هەکاری قەدەغەکردنی بەخێوکردنی سەگ لەلایەن ئیسلامەوە بە مەبەستی تر جگە لە ڕاوکردن یان پاسەوانی: ئەوە بێت کەپاک نین و پیسن و تەنها بە حەوت شوشتن نابێت کە یەکێکیان بە خۆڵ یان سابون بێت، پاک نابنەوە. یان لەبەر ئەوەی هەگری لە چوونە ژوورەوەی فریشتەکان دەکەن کە بەندەی بەهەزی خودان و بوونیان دەرکەوتنی ڕەحمەتی ئەوە بەرامبەر بە بەندەکانی.)(٤) ئەم دیدگایە دیدگای زۆربەی خەڵکی کوردستانە. لەکاتێکدا سەگ وەک هاوڕێ دەتوانێت لە ماڵدا لەگەڵ مرۆڤەکان بژێت و منداڵەکانیش فێری خۆشەویستی ئاژەڵیان بکەن نەک نەفرەت و قەلەبووندەوەی ئاژەڵان.

تا لەناکاو گابەردێ

بەی بوو بە بەناو دەدێ

خوێنی تێکەڵ بە ئاو بوو

خەڵکی و خۆشی ڕزگار بوو. (شیعری منداڵەکی دڕزن ئەحمەد عارف)

دڵڕەقی شاعیر دژ بە منداڵی درێژن هەندێ لەسەر کە بە مەرگی ئەو منداڵە خەرلەخە نادیو دڵشاد بێت و خەڵکیش پێیان خۆش بێت کە ئەو منداڵە درێژنە مردووە. ئایا ئەمە چەند لە واقیعی کۆمەڵایەتی ژیانی خەڵکی هەژاری کوردەوە نزیکە؟ نەخێر بە هەزاران فرسەخ دوورە. ئەمە ناحاڵیبوونە لە واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیی، ئەگینا هەموو دێڕانین مردنی منداڵێکی خێزانێکی هەژار با درێژنیش بێت، چ کارەساتبارێکە و چ تراژیدیایەک دەخوڵقێنێ، نەک خەڵک دەخۆش بکات و کار بگات بەوەی ئەو دەخۆشییە ببێتە بابەتی دڵڕەقکی شیعریی تەعلیمی لای شاعیرێک کە شیعر بە منداڵان دەنووسێت.

لایەنی فەربوون لە شیعری منداڵی درێژندا

لایەنی فەربوون لەم شیعرەی شاعیر، فەربوونێک نییە لە دیدی ئێنسانی هاوچەرخەوە سەبارەت بە کێشەکانی منداڵ و ژیان، بەڵکوو تێنگەیشتنێکی پاسیفیستی دووا کۆتوانییە کە منداڵ بەرەو شێواندنی زیاتر و دوورکەوتنەوەی لە جیهانی تایبەتێکەی خۆی پاڵ پێوەدەنێ. کاتێک شاعیرێک شیعر بە منداڵ دەنووسێت، دەبێت ئاگاداری جیهانی تایبەتی منداڵ بێت، دەبێت بزانێت چ شتێک منداڵ و بیرکردنەوەی منداڵ فراوانتر دەکات و گەشەی پێدەدات؟ دەبێت بزانێت قەناغەکانی منداڵ بناسێت و پێویستی تایبەتی هەر قەناغێک هەست پێبکات. دەبێت ئاگاداری بنەماکانی پەروەردە و فێرکردنی هەر قەناغێکی منداڵ بێت و بەرپرسیارانە دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرم بکات. دەبێت هەڵومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە تێبگات و ئینجا دەست بە قەڵەم بەرێت و قسە بە منداڵ بکات و ئامۆژگارییان بکات.

بەوپەری بەشەرمییەوە

لە دەو ناسکەوە (شیعری منداڵێکی درێژن ئەحمەد عارف)

با لەرە بپرسین شاعیر چی فێری منداڵ دەکات؟ دەڵێت بەشەرمی واتە بە چاو و ڕوو واتا بەڵێز. واتا منداڵێکی بەڵێزی چاوقایم. ئەمە هەموو لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی ڕێز کڕکین و دێزانین منداڵ و گەورەی بەڵێز جێگەی خۆیەتین. بەڵام چی وا لە منداڵ دەکات بەڵێز بێت؟ چی وای لێدەکات شەرم نەکات. گرێی ناحاڵیبوونەکە لەرەدایە. پەروەردەی ڕێژاوا پەروەردەیەکە لەسەر بنەمای ڕێز و شەرم نەکردن. ئەوان منداڵ وا بار دەهێنن شەرم نەکات. بەشەرمی سیفەتێکی باشی منداڵە و گوزارشتە لە کەسایەتی بەهێزی منداڵ، نەک

سیفەتێکی خراپ بێت. منداڵی شەرمن منداڵی لاوازە و کەسایەتی پتەوی نییە. بۆیە شاعیر لە ناهۆشیاریەوە ئەم سیفەتانە (پیس و چڕپڕ و چاوچنۆک و گرینۆک و لاسار و هاوڕێی تانجی و سەگ و بەشەرم و بەزارکەر و درۆزن لە گەلاوێژ بەر تاشەدەردێک دەکەوێت و دەمرێت) ئەم پێیامی شیعرەکەیە و دەیەوێت بڵێت منداڵینە ئەوە وا مەبن، پیس و پڕخۆ و چاوچنۆک و لاسار و درۆزن مەبن و هاوڕێیەتی تانجی و سەگ مەکەن، شەرمن بن، بەڵێوەی پەمان بڵێت ئەمە چۆن دەبێت و چۆن دەتەبووون!. ئایا دەتوانین ئەم ئامۆژگارییانەی شاعیر لەسەر لافیتەیەک بنووسین و بچینە لە گۆڕەکە هەژارنشینەکانی شارەکانی کوردستان هەڵیواسین و ئیتر دنیا دەبێتە شامی شەریف؟ یان دەردەکە لە جێیەکی تردایە و شاعیر نایەوێت خەی لەقەرەی بدات. باشە گوناهی منداڵی کوردستان چییە ئەم جۆرە شیعرە دووانەکەوتووانیان بخەینە بەردەست و بەم تەرزە لە شیعر فێری باڵەفڕەی ژیانیان بکەیت؟ ئایا منداڵانی کوردستان شایانی ئەمجۆرە پەروەردەیەن؟ ئایا ئەم شیعرە بە کام لە چوار قۆناغەکانی پەروەردەی منداڵ نووسراوە، قۆناغی ئەندێشەی بەستراو بەژینگەوە یان قۆناغی ئەندێشەی ئازاد یان قۆناغی منداڵیتی یان قۆناغی ئایدیالیستی؟(٥) دیارە هەریەک لەم قۆناغانەش تایبەتمەندی خۆیان هەیە. من ناڵێم باسی سیاسەت و ئابووری بە منداڵ بکرێت، بەڵام دەڵێم لە هاوانگەی تێگەیشتن لە دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگەوە دۆخی منداڵان تێبگەین و لەوەوە قسەیان بۆ بکەین. شیعری فێرکاری منداڵان دەبێت زانست و خۆشەویستی بکاتە بناغە و لەوەوە منداڵ بەرەو ئاراستەیەکی تەندروست ببات، نەک ناشیرین و قێزەون نیشانی منداڵ بدات و بیکاتە دوژمنی ئاژەڵ. ئا لەرەوەیە نەوەی دوای نەوەی منداڵ لەبری چەواقوسوویی و کاری ناشایستە و ناشارستانی ، منداڵی تەندروست و چالاک و زانتسخواز و ئینسان دۆست دەنە مەیدان. ئەمە ئەو ئەرکەیە کە ڕۆخنەی ئەدەبی کوردی دەبێت پێی هەڵبستێت و ئەنجامی بدات. لەرەدا من لەگەڵ کاک ئەحمەد عارفی شاعیر کەکم کە دەڵێت: (هەوە بدرێت لە ڕەگای ڕۆخنەگرانەوە تاوتوێیەکی پاک و پیس یان چاک خراپ بکرێت و ببە بە بەربەست لە بەردەم بەاو بوونەوەی بەرهەمی کاڵ و کرچ)(٦) .

ئەنجام

شاعیر لەشیعری منداڵیکی درەزندا وەکو فەرکارێک هاتووە کەمێی سیفەتی نیگەتیڤی داوەتە پاڵ منداڵیکی درۆزن و وەنێیکی ناشیرینی ئەو منداڵەی نەخشاندووە کە هەموو بۆنەفرەتی بکەین، بۆیەوەی لەو

ژینگە سیاسی و کۆمەڵایەتییە تێبگەین کە ئەو منداڵە و خانەوادەی ئەو منداڵەی تیا دژین. لەوشەوە ئاراستەی کار بۆ خزمەت فراوانکردنەوەی ئاسۆی تێوانینی منداڵان دیاری بکەین و بناغەیەکی تەکم و پتەو لە خۆشویستی نێوان ئینسانەکان و ئاژەڵ و زیندەوەران و ژینگە بنیاد بنێین. منداڵان ئەو سامانە گرنگەی کۆمەڵگەن کە دەبێت زۆر هەستیارانە بایەتی دەقە ئەدەبییەکانیان بۆ هەڵبژێرین و بۆ بنووسین، بۆ ئەوەی ئایندەی کۆمەڵگە بە دەستەکی زانستخواز و پێشکەوتوودا بسپێرێت. شاعیر لەم شیعرەیدا نەیتوانیوە شیعرێک پێ بە باڵای پەیامەکەی بنووسێت و لە بری پەیامەکی ئینسانیی، بەداخەوە هاتووە خوێنەر و منداڵانی هووبووی پەیامەکی دووا کەوتوونە کردووتەوە. ئەمەش ئەگەر زیانی نەبێت، ئەوا هیچ سوودەکی بۆ ئەدەبی کوردی و پرسەی فەربوون و پەروەردەی دروستی منداڵ تێدا نییە.(٧)

عەبدوڵا سەمان(مەشخەڵ)

٦ ی نیسانی ٢٠٢٤

_____

سەرچاوە و پەراوێز

(١)منداڵی درێژن نووسینی ئەحمەد عارف پەیجی تایبەتی تێی کۆمەڵایەتی فەیسبووکی نووسەر پێستی ڕۆژی شەشی نیسانی ٢٠٢٤. من هەندە هەڵەی تایپم بۆ ڕاست کردۆتەوە.

(٢)اسس الآشتراكية العلمية المادية التاريخية تآليف ف. گيبلى و م. گوفالزون نقلە من الروسية احمد داود اصدار دار الجماهير ، دمشق ١٩٦٧ ص ٦٤.

(٣)کارل مارکس و فریدریک ئەنگەلس مانیفیستی حیزبی کۆمۆنیست وەرگێڕانی بۆ کوردی موسیحی شەخولئیسلام (ڕێبوار) چاپی دووەم لاپەڕە ٢٨.

(٤)بڕوانە هەردوو فەتوای ئیسلامی ژمارە ٢٥٤٣١ و فەتوای ژمارە ١٤٧٣٥ سەبارەت بە سەگ کە لە سایتی (اسلام ویب)دا هاتووە. https://www.islamweb.net/ar/fatwa

(٥)شیعری فەرکردن لە ئەدەبی کوردیدا ئەحمەد قەرەنی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس چاپی یەکەم هەولێر ٢٠٠٧ لاپەڕەی ١٨٠ و ١٨١.

(٦)	خنە نووسینی ئەحمەد عارف پەیجی تایبەتی تەی کۆمپانیای فەیسبووکی نووسەر پەستی ەژی دووی ئازاری ٢٠٢٤.

(٧)من نامەوێت لەردا هەکی ەاست و چڕپ بەسەر نووسینەکانی کاک ئەحمەدی شاعیردا بهێنم و هەوڵەکانی یەکسان بکەم بە سفر. کاک ئەحمەدی شاعیر گەلێ هەوڵی تری هەیە کە جگەی دەستخەشین.

داگیرکارییەکانی سوپای تورکیا.. عوسمانی حاجی مارف

ئەنقەرە بەهەمان ئەو ئاستەی لەبەرامبەر سوریادا ئەپەراسیونی سەربازی ئەنجام دەدات، هەوەدەدات بە قەبارەیەکی بەرفراوانتر کەنتڕۆڵی تەواوی بەسەر سنووورەکانی لەگەڵ عەراقدا بسەپێنێت.
ئەم هەڵکشانە زیادەڕۆیە لە سیاسەت و نەخشەی ئەردەغاندا، بە دەستپێکردنی هەڕشەکی گەورەیە، کە سنووورەکانی هەرێمی کوردستان بە یەکجارەکی و بە هەمیشە لە پەکەکە پاکبکاتەوە. هەرچەندە ئامانجی ئەم داگیرکارییەی ئەستای تورکیا بە سەر هەندە ناوچەی هەرێم واوەتر لەوەی پاکردنەوەی پەکەکەبێت، ئەوەش کە جگای سەرنجە بەرپرسانی عەراق، ئەم هەرشانەی هەزەکانی تورکیا، تەنها وەک هەڕەشەیەک بە سەر ئاسایش و سەقامگیری وڵات ەادگەیەنن، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ ناەزایەتیەک دەربڕن، یان هیچ فشارێک لەباری عەمەلیەوە لە دژی ئەنقەرە نیشان بدەن.
ئەپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیا لەچوارچێوەی هەرشەکانی بە سەر هەرێمی کوردستان، فراوانترە لەوەی تەنها پەیوەند بێت بە شڕە لەگەڵ پەکەکەدا، بەڵکو بەدوای ئەو ئامانجەوەیە دەخاڵەتی لە ئایندەی ئاوگەیەی دەخی سیاسی ناوچەکەدا هەبێت، بەتایبەتی لە عەراقدا بەرجەستەی دەکاتەوە. گواستنەوەی هەزی زەمینی لە ناوچەی هەکاری تورکیا، بێ بەهەزکردن و فراوانکردنی بنکە و شوێنی نیشتجێبوونی هەزەکانی تورکیایە لە دەوروبەری پارێزگای دهۆک، ئەمەش ئەوە پیشان دەدات، کە ئامادەیە جگیرکردن و دامەزراندنی هەزەکەی بە ماوەیەکی درێژخایان لە ناوچەکەدا و لە پێناو بەدەست هێنانی ئامانجەکانیدا نمایش کات ومناوەڕەی پێبکات، وە بەباکە

لەوی گەر لەهەمانکاتدا وەرانکاریەکی زەری بە ناوچەکانی هەرێم لەکەوتەوە!
سیناریۆی لەشکرکێشیەکانی تورکیا سەقفێکی دیارکراوی نیە، کە لەسەر خاکی عێراق ئەنجامی ئەدات، لەهەمانکاتدا مایەی خوێقاندنی دەخێکی مەترسیدارو دژوارە لە شارەکاندا، دوای تێپەڕاندنی چەند ئامانجێک ئەگەری ئەوە هەیە هەوڵبدات بگاتە شنگال و دەستبەسەر ئێشکەوتەکانی چیای قەرەندا بگرن، کە "سەدام حسێن" لە سالانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا کۆشکێکی تێدا دروستکردوە"، هەڵبەتە مەبەستی ئێم دەست بەسەراگرتنەی شنگال دەبێتە سەنگینکردنی پێگەی سەربازی هێزەکانی تورکیا لە ناوچەکەدا.
لەشکرکێشی تورکیا لایەکی دەستی کردوە بە فراوانکردن و دامەزراندنی هێزەکانی لە زۆیەکانی باکوری عێراقدا، لە لایەکی تریشەوە گرنگی بە چارەسەری دیپلۆماسی لە سوریا دەدات. لایەنە سیاسیەکانی عێراق ڕەتی ناکەنەوە کە ئەردۆغان ڕەزامەندی ئەمریکا و ڕۆژئاوای بە ئێم ئۆپەراسیۆنی لەشکرکێشیە بەدەست هێناوە.
دەستوەردانەکانی تورکیا بە سەر خاکی عێراق، هەرچەندە یەکەم دەستوەردان نیە لە جۆری خۆیدا، نموونەیەکی بەرچاوی ململانێ جیۆپۆلەتیکیەکانە لە ناوچەکەدا. ئێم دەستوەردانە کە بەهۆی کەمبوونەک هەکارەوە بەهێزەوەدەچێت، دەتوانرێت تا ڕادەیەکی زۆر بگەڕێنرێتەوە بۆ پەرەسەندنی دەخالەتی ئێران لە عێراقدا. تێگەیشتن لە داینامیکی نێوان زلهێزەکانی ناوچەکە لەبەرامبەر دەخی سیاسی عێراقدا، زەرجار دەبینین لەڕێگەی جەراوجەرەوە کەبەکە دەکرێت و دەخالەتی ڕاستەوخۆ دەکەن، بەتایبەتی هەردوو تورکیا و ئێران لە عێراقدا تەماح و بەرژەوەندیان هەیە و کاریگەری دەکەن بە کۆنترۆڵکردنی عێراق.
لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا عێراق بووەتە دیارترین گۆڕەپانی دەستوەردانی ئێران و تورکیا، جگە لە وڵاتانی دیکە. هەموو ئەمانە لە ئەنجامی لەشکرکێشی ئەمریکا بە سەر عێراق بوو لە ساڵی ٢٠٠٣ کە کاریگەریەکی گەورەی لەسەر دروست بونی گۆڕاوی سیاسی و پێگەی حکومەتی عێراق بەجێهێشت، بەتایبەت دوای ئەوەی بە تێپەڕبونی کات شتەکان بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش لە بەرژەوەندی ئێران گەڕا، وردە وردە نفوزی ئێران گەیشتە لوتکە، هەندێک وەها تەعبیری لەدەکەن کە ئەمریکا، بە ڕووخانی ڕژێمی سەدام "عێراقی لەسەر سینیەکی زێڕین ڕادەستی ئێران کردوە".
دەوری ئێران لە عێراقدا، کە بەرجەستە بووەتەوە بە پاڵپشتیکردنی میلیشیا حزبیە جەراوجەرەکان بە جۆرێکردنی ئەجێندا سیاسیەکانی لە ناوچەکەدا، کە بوو بە فاکتەری سەرەکی بە تێکدانی پێکهاتەی

حکومەتکی جکەوتە لە عیراقدا. میلیشیاکانی سەر بە ئێران دەسەڵاتی ئابووری و کۆنترۆڵی بەرچاویان بەسەر دەوڵەتی عیراقدا بەدەستهێناوە. هێزەکانی ئێران لە جگەی بازرگانی، پاڵپشتی ژێرخانی، و جکەوتنی وزە، خەڵکی جگیر کردووە، کە کاریگەریکانی بەهێزتر کردووە. هەر بۆیە لە بەرامبەردا ترس و ئامانجکانی تورکیا زیاتربون، بۆتایبەتی کە بوونی پەکەکە لە کوردستانی عێراق پشتیوانیکی ئاشکرای ئێرانی بەدەست هێناوە.

ئاوەژووی پەیوستە لەم کەینوبەینەی کشمکشی لایەنەکاندا، لە ئێستادا سەرنجی بدەین، بۆغداو ئەنقەرە زیاتر نزیک لەیەکن و هاوکارن دەربارەی پرۆژەی جگای گۆشەپەدان، کە بە هەردولایان ئەم پڕۆژەیە گرنگیکی ستراتیژی هەیە، بۆیە حکومەتکەی سودانی لەبەرامبەر هێرشکانی تورکیا و داگیرکارییکانیدا پڕچەکردارێکی جدی و عەمەلیان نیە.

ئاوەژووی جگای سەرنجە سوپای تورکیا لەم هێرش و داگیرکارییدا هەر ناوچەیەک کۆنترۆڵ دکات لە سەر تابلۆیەک دەنوسن: "هاتنە ناو خاکی تورکیا قەدەغەیە"! تەواوی دانیشتوانی گوندەکانیش ئاوارەدەبن، ئەمەش نیشاندانی واقعێکی تەواو بێباکی لایەنی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عیراق و کردنەوەی ئاشکرای دەرگای سنورەکانی عیراق بە هێزەکانی تورکیا، ئەو هێزەی کە بە فەرمانی ئەردۆغان هەوڵئەدات دەخالەت و دەورێکی سەرەکی ببینێت لە ئاراستەی ئەو ئاوگەانەی لە پڕۆژەهاتی ناوەڕاستدا پێشبینی دکرێت، هێزەها درێژدانی گفتوگۆی ئەنقەرە لەگەڵ بۆغدا هاوکاتە لەگەڵ ستراتیژی فراوانترکردنی تورکیا و مامەڵەکردن لەگەڵ عیراق و نزیکبوونەوەی لە بۆغدا و کۆتایهێنان بە پرسە هێڵپەسەردراوەکانی نەوانیان.

لە دیمەنێکی سەیردا کە پێکەنین دەوروژێنێت، بەوەی واقعی سیاسەت لە عیراقدا لە ئاستی چ گاڵتەجاریکدایە، فالح ئەلفەیاد، سەرکی هێزەکانی حەشدی شەعبی، لەکاتێکدا کە هاتنە ناوەوی هێزەکانی تورکیا داگیرکاری بەسەر عیراقدا دەسپێنێت، پشوازی لە باییزی تورکیا لە بۆغداد کرد، دیاریکی لە شەوەی قەڵغانێک بە ناوی حەشدی شەعبیەوە پێبەخشی، وەک ئەوەی ئەلفەیاد داوای لێبوردن لە داگیرکاری داگیرکەری تورکیا بکات!.

ئاوەژووی جگای سەرنجە، زیاتر لە ملیۆنێک سەربازی عیراقی هەن کە سەرباز و پۆلیس و هێزی ئەمنی و حەشدی شەعبی تێدایە، بەڵام ئاوەیان سەلماندوە کە ناتوانن بەهیچ جۆرێک بچنە مەیدانێکی شەڕەوە و لە بەرامبەر بە هەرداگیرکارییکی عیراقدا بوەستنەوە، هیچ ئامادەیێک بە بەرگرتن بەداگیرکاری سوپای تورکیاش نیشان نادەن و نایانەوێت کارێکی لەو چەشنە ئەنجام بدەن، ئاشکرایە ئەم بەرگری

نەکردنە تەنها ناتوانایی و نائامادەیی هێزەکانی عێراق نیە، بەڵکو مەسەلەیەکی سیاسیە کە پێشووختر، لەکۆتایی ئەنقەرە و بەغداد چوارچێوەکەیان دیاری کردووە.
لە پرسەی ئەم ئاڵوگۆڕانەو سنوربەزاندنی زیاتری سوپای تورکیا بۆ ناو کوردستانی عێراق، تورکیا هەوڵ دەدات لایەک پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی سوریا ئاسایی کاتەوە، لایەکی تریشەوە هەوڵئەدات ئەزمونی دەسەڵاتی هێزە کوردیەکانی کوردستانی سوریا کۆتایی پێبهێنێت.
تورکیا بەجیا لەو هەڕەشە سەربازیانەی کە پانتاییەکی فراوانی کوردستانی عێراقی داگیرکردووە، لەهەمانکاتدا دیپلۆماتیەت نفوزی ناوچەیی خۆی بۆ باشترکردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، لە چوارچێوەی کەبەکەیان هاوکاری لەگەڵ زلهێزەکانی دیکەی ناوچەیی وەک ئێران و ڕووسیا، زیاتر بکات، بەمانای پێینەوە بە ئەو شوێنەی کە بۆ دیمەشقدا تێدەپەڕێت و بۆ ڕێکخستنەوەی دیمشقدا دەتوانێت پێڕەکانی بەرێتە پێشەوە.
تاران ترسی ئەوەی هەیە ڕێگەی خۆی پەراوێز بخرێت، بۆیە دوا ووڵات دەبێت کە بیرۆکەیەت ئاشتەوایی لە نێوان دیمەشق و ئەنقەرەدا ئەنجام بدرێت، بەڵام بابەتەکە بۆ مەسکۆ جیاوازە کە هەوڵەدات پەیوەندیەکانی نێوان سوریا و تورکیا بگەڕێنێتەوە.
لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢وە مەسکۆ کاردەکات بۆ گەڕاندنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان دیمەشق و ئەنقەرە وەک بەشێک لە ستراتیژیەک کە بتوانێت ڕوبەڕوی ناتۆ ببێتەوە. ئەگەر مەسکۆ بتوانێت لەکنزیکبونەوەی سوریا و تورکیا بگەڕێنێتەوە، پێگەی خۆی بەرامبەر ئەمریکا بەهێزتر دەبێت، ئەمەش بوونی ڕوسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەهێزتر دەکات، تورکیاش دیپلۆماتیەت لەم پرسەیدا سودمەندبێت بۆ جێگیربونی پێگەی سیاسی و ئابوری لە ناوچەکەدا.
بەکورتی دەتوانرێن بڵێین کە نەخشەی ئێستای تورکیا لەم هێرش و داگیرکاری و کوشتارو ماڵوێرانی کردنەدا، پێش هەموشتێک دەستپێشخەریە بۆ چەسپاندنی مەوقعیەتی تورکیا لە سەر بنەمای ئایندەی ئاڵوگۆڕ و پێشهاتانەی لەعێراق و ناوچەکەدا پێشبینی دەکرێت. بۆ ئەم ئامانجەش تورکیا هێرش بەسەر پەکەکە دەکاتە پاساوێک، تا بنکە سەربازیەکانی لە عێراقدا دامەزرێنێت. لایەکی ترەوە بۆ گوشکی زیاترەوە کابەری بەرامبەر کۆماری ئیسلامی گرتەبەرو هەوڵ ئەدات پێگەی ئێران لە ناوچەکەدا بکەشتە دواوە، پەیوەندیشی لەگەڵ سوریا لە ڕێگەی ڕوسیاوە ڕێکدەخات نێک ئێران.
ڕاستەوی ئەم کەشانە، ناوچەکە بەرەو کوێ دەبات؟، لە حاڵەتی بەرجەستە نەبونی هێزی یەکگرتوی ڕێکخراوی چینی کرێکاردا، ئایندەی بەرژەوەندی و کەشمەکەشی نێوان وڵاتانی زلهێزی دنیا، دەخێکەو

ئاماستەی ئاوگۆڕکان دەبێتنەوە!

گفتوگۆیەک لەگەڵ هونەرمەند شوان کەمال.. هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئەلیاس

هونەرمەند شوان کەمال: هونەر تا نەبێتە پیشە و بازرگانی پەوە نەکرێت پێش ناکەوێت
هونەرمەند شوان کەمال: ئەمە هونەرمەندی گەورە و باشمان هەیە بەڵام بارودۆخی هونەریکەمان جیاوازە و ناگاتە ئاستی وڵاتانی ئەورپا و جیهان.
هونەرمەند شوان کەمال:لە کاتی دروستکردنی پەیکەرکانم ئازادیکی زۆر ئەیەم بۆخۆم بە داشتن و بیناکردنی پەیکەرکانم
هونەرمەندی پەیکەرساز" شوان کەمال" ،لەهونەری پەیکەرسازی خاوەن سەلیقەو ئیستاتیکای تایبەت بە خۆیەتی لە ماوەی (40) ساڵەی ژیانی هونەری خۆیدا خاوەنی چەندین پەیکەری نایابە لە کوردستان و عێراق وئەورپا. یەکێکە لەوهونەرمەندانەی کە پەیکەرکانی لە نەو چەندین شەقام و شوێنە گشتییەکانی وڵاتانی ئەورپا دانراون پەیکەرکانی شوان هەر لەئەورپا چەندین لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی بە کراون وە لە میدیاکانش بە گرنگییەوە باسیان لە پەیکەرکانی کردوە، جگەلەوەش ئەم هونەرمەندە بە بڕوادان بە بەهرەکەیە و دڵسۆزەمەند کردنی ئەزموونەکەی زۆر گرنگی بە لایەنی خوێندنی ئەکادیمی داوە هەمیشە بە دوای زانیاری نوێ و پێشڕەوونەکانی سەردەمەوە بووە، بەیە خاوەنی چەندین بڕوانامەی هونەرییە لە پسپۆرێکی لەوانە: بڕوانامەی دبلۆم لە هونەری پەیکەرسازی-سلێمانی، بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە هونەری پەیکەرسازی- زانکۆی بەغدا، بڕوانامەی دبلۆمی پیشەیی لە تەکنیکەکانی هونەری پەیکەرسازی- ئەکادیمیانیا، بڕوانامەی ماستەر لەهونەری پەیکەرسازی- ستەکهۆڵم. لە پاڵ ئەمانەش دا خاوەن رەشنووسییەکی هەمەلایەنە ..هەرئەوەش وای کردوە لە ئەوروپا لە چەندین دەزگاو فەرمانگەی هونەری بڕپرسیارەتی وڕبگرێت وەکو لەپرسراوی بەشی هونەری کارگەی ڤەلفکایزەر

ئەڵمانیا، 1995 تا 2015، لەپرسراوی بەشی هونەری کارگەی هەسنگرینز لە سوید لە ساڵی 2017 تا ئێستاش..دەتوانین بڵێن پەیکەرساز شوان کەمال هونەرمەندێکی جیهانیە،مایەی شانازییمانە ئەمە بەمەبەستی ئاگادار بوون لە پڕۆژە و چالاکییە هونەرییەکانی بۆچوند پرسیارێك بەسەرمان کردوە.

هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئەلیاس

*سەرەتا پەمان باشە باس لە چۆنیەتی ئاشنا بوونت بە هونەری پەریکەرتاشی بە خوێنەرانمان بکەین؟

- لە ڕاستیا لەتان ناشارمەوە تاچوومە قۆناغی پەیمانگەش نەمزانی پەیکەر چیە نەمدیبوو ناهەقیشم نیە ئەمە کتلور و پاشخان و میراتێکی هونەری شۆڤکاریمان نیە ،شار و پارك و شوێنە گشتیەکانمان خاڵی بوون لە پەیکەر ئەو کاتانە،لەم چەن ساڵانەی دوایدا پەیکەر دروست کراوە لەبەینید ووکەوانەدا ،(چونکە دید و بۆچونی خەم هەیە لەسەرلایەنی تەکنیکی و ئاستی هونەریان) بەراورد بەم وڵاتانە کەهەر لە مناڵیەوە ئاشنا ئەبن بە هونەر،شەقام و شوێنە گشتیەکانیان پڕن لە پەیکەر بۆجگە لە بیناسازی و کەشکی جوان و ئەوە هەر باسی مۆزەخانە و پڕگە هونەریەکان مەکە.کاتێك چوومە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان لە شاری سلەمانی سەرەتای هەشتاکانی سەدەی پەشوو زانیم شتێك هەیە ناوی پەیکەرە.ئیتر شانسی خەم بوو نازانم لەوکاتانەیا مامەستا "کەسرەت جەمال" خەریکی ئەو پەیکەرەی کاوەی ئاسنگەر بوو لەناو حەوشی پەیمانگە،لەقوە دروستی ئەکرد زەر جوان و مەزن بوو،ئیتر لەو ساتەوە حەزم لە پەیکەرسازی کرد،لەو کاتەشەوە بۆجگە لە خوێندنی زەر و ئەزموون و وئیشکردن هیچ کاتێك دانەبەاوم لە کارکردنی هونەری.

*هەنگاوە سەرەتاییەکانی هونەری پەیکەر تاشی چین؟

- بە دروستکردنی کاری هونەری یان پەیکەر یەکەم شت بیرکە و خەیاڵات و فەنتازی هونەرمەندکەیە دوایی چۆنیەتی دروستکردنی پەیکەرکە لەو کەرەسە و مەوادانەی بۆکاری ئەهنیت و شارەزایت لەناوی هەیە،دوایی بەاوکردنەوەی و پیشاندان و نمایشکردنی.

*بابەتکانی پەیکەرکانی تە چین؟

- خەی پەیکەرسازی بەتوانا بابەتی کارەکانی جیاواز و زۆر ئەبن،مەبەستم ئەوەیە بەجگە لە کاری هونەری و بیرەکە و چیرەکی کاری هونەری خەم ئەگەر شارەزا و ناوبانگت هەبێت ئەوا لەسەر داواکاریش پەیکەر دروست ئەکەیت،بە نمونە چەندەها پەیکەر و پەژەی گەورەم هەیە لە شارەکانی ئەمانیا و وڵاتانی سکەندناقیا داوایان لەکردوم بیان دروست بکەم،بەو پەیەی کە دانیەکەم لە شارەزاترین پەیکەرسازەکانی جیهان،بەقسەی ئەمان و سویدیەکانیش کە لە چەندەها کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەیان ناوی منیان هێناوە کە باس لەهونەری ئەوروپی ئەکات.بەڵام کاری هونەری خەم زیاتر بابەتەکانی تەعبیری و کەمەك خەیاڵی سوریالی بەڵام بە شێوەیەکی ئەکادیمی و بە تەکنیکی بەرز و بە ماتریاڵی جیاواز ئەنجامیان ئەیەم لەوانە بەڕنز و ئاسن و ئەلەمینیەم و هەنە جاریش بە کریستاڵ و شوشە.
*بیرەکەکانی لە کوێوە سەرچاوە دەگرن؟

- بیرەکەی کارەکانم زۆربەی لە خەیاڵات و فەنتازیای بیرکردنەوەی خەمن ،باس لە نەهامەتی و ئاوارەیی وتەنیایی مرۆڤ لە لایەکەوە دوایی پەیوەندیەکانی مرۆڤ لەگەڵ سروشت و چواردەوری،لەم دوایانە هەنە پەیکەرم دروستکردوە ،فیگاری لەشی مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵ و باڵندە،جا کاتی دروستکردنی پەیکەرەکانم ئازادیەکی زۆر ئەیەم بەخەم بە داشتن و بیناکردنی پەیکەرەکانم بەمانای واز لە عەقلی ناوەوە ئەهنم بە ئازادی کاری خەی بکات زۆر جار پەیکەرم دروستکردوە خەیاڵاتی 20 تا 30 ساڵ لەمەوبەر بووە هاتووەتە دەرەوە لەو کاتەی دروستکردنی پەیکەرەکە.
*کاریگەری کامە قوتابخانەی هونەری بەسەر پەیکەرەکانتدا زاهە؟

- خەی چونکە ئەمەومانان هونەرمان بەشێوەیەکی ئەکادیمی خوێندوە بەتایبەتی باسی خەم ئەکەم ئەلف وبێی پەیکەرسازی بباشی فەربوین ئیتر دوایی کاتی کارکردن ئاسانتر دە و شوێنی خەمان دەزیوەتەوە،هیچ قوتابخانەیەکی هونەری تایبەت نیە لەسەری ڕیشتبەتم یا کاری لەکردبەتم،خەی هونەرمەند ناتوانێت هەیبژەرت یان باسی بکات کارەکانی سەر بە چ قوتابخانەیەکە یان بزانێت بە وا کاری کردوە،ئەبێت کەسانی شارەزای بواری ڕەخنەی هونەری بەو کارە هەبسەن،بەداخەوە لای

خەمان نین ئەگەر هەشبن زەر کەمن،کەسانێك هەن هونەرمەند نین بەڵام ئەتوانن کاری هونەرمەند و ژیانی هونەرمەند هەبسەنگێنن و باسی بکەن.بەڵام لەوە ئەچێت بە ویستی خەم کارەکانم وەك باسمکرد بچنەوە خانەی یان قوتابخانەی تەعبیری سوریالیەوە.

*وەکو هونەرمەندێك، ئاستی پەیکەرتاشانی کوردستان ،لەگەڵ ئاستی پەیکەرتاشانی ئەورپا چەن دەبینیت ؟

- خەی ئاستی هونەری هیچ میلەتێك و وڵاتێك بەدەر نیە لە ئاستی کلتوری و هەشنبیری و ئینجا ئابوری و کەمەایەتی ئەو گەل و نیشتمانە.بەمانای نەکرێت وڵاتێك لایەنی ئابوری و سیاسی و کەمەایەتی ئاسیاوی بێت، بەڵام لایەنی کلتور و هونەر و ئەدەبی ئەوروپی بێت.لای خەمان بەراورد ناکرێت بەم وڵاتانە بەڵام ئەبێت ئەوە جیابکەینەوە لایانی فەرهەنگی و کلتوری هەر گەلێك و نەتەوەیك جیا هەزو شانازیە بە نمونە ئەمە هونەرمەندی گەورە و باشمان هەیە بەڵام بارودخی هونەریکەمان جیاوازە و ناگاتە ئاست وڵاتانی ئەورپا و جیهان،بەنمونە ژیانی هونەرمەندان و گرنگی دان بە کارەکانیان،لە دروستکردنی ئەتەلە و مەزەخانە و کردنەوەی پەشانگە،هەر دوور نەبین خەم بە کوردستانم جەهەشتوە هاتووم لە ئەورپا ئەژیم؟کەلەم وڵاتانە ببمە شارەزای بواری هونەری پەیکەرسازی ئەم هەموو کارو پەژەیەم دروستکردوە لەسەر شەقام و شوێنە گشتیەکان،بە لای خەمان جەم نەبەتەوە و ناتوانم کاربکەم؟

*وەکو پەیکەرتاشێك تاچەند لەگەڵ کاری بازرگانی لەرگەی هونەری پەیکەرتاشی؟

- ئەم پرسیارە زەر گرنگ بوو چونکە لەزەر شوێن بەهەڵە تێگەیشتون و یان لەکدانەوەی هەڵەی بەکراوە،خەی هونەر تا نەبێتە پیشە و بازرگانی پەوە نەکرێت پشناکەوێت لەهیچ جگەیەك،بەمانای هونەرمەند کە کارێك ئەکات ئەبێت بیفرشێت جا لەم وڵاتانە تا نرخی بەرزتر بێت بەمانای هونەرمەندکە شارەزا ولەهاتووە،هونەرمەندی ئەم وڵاتانە دەوەمەندن و ژیانکی باشیان هەیە،لەرە ئەگەر کارە هونەریکێت نەفرشرێت یان پارە نەکات ئەمین بەڵای کارکی تر بکەیت باشترە،زەر بە هەڵە لای خەمان ئەمن نابێت هونەر بازرگانی پەوە بکرێت یان بفرشرێت،بەیە لای خەمان هونەر نابێتە پیشە،کەس بە هونەر

ناژی،لای خەمان یان مامستایە یان فەرمانبەری ئەودەزگا هونەریانەیە، بەوە هونەر پەشناکەوێت تا نەبێتە پیشە و کاری ڕۆژانە، بە نمونە خەم ڕۆژانە 8 کاتژمێر پەیکەر دروست ئەکەم و پارەی لەسەر وەرئەگرم، ئەمە بەجگە لە کار و پرۆژەی خەم.
*پەیکەرکی تایبەت هەیە،جیاواز لە پەیکەرکانیترت شانازی پەبکەیت؟

- بە زانیاری بەندەزتان و خوێنەرانی ئازیز لە مێژوی هونەری کوردی دوایش عەرەبی ئینجا فارسیش دوایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ئێستا هیچ پەیکەرسازێك نەبووە بێتە ئەورپا دوایی ئەو هەموو پەیکەرە گەورانە لە سەر شەقام و شوێنە گشتیەکان دروستبکات،زۆر گەڕاوم مەراقم بوو بزانم پێش من کەس نەبووە هیوادارم لێداهاتودا کەسێك بتوانێت،لە ژیانی هونەری و ئەم 40 ساڵەی تەمەنی هونەریم کەمەکی زۆر پەڕۆ و کاری هونەریم دروستکردوە لە عێراق و کوردستان و ئەوروپا، بە زانیاری یەکەم پەیکەری قوربانیانی چەکی کیمیاوی و کەمەکوژ من و جوانەمەرگ(کەسار ئەحمەد) دروستمانکردوە بە (تەفیقی کارباسا) ئێستاش هەر ماوە لە شاری هەڵەبجە دانراوە،لە ئەڵمانیا و سوید و نەرویجیش پەیکەری زۆرم هەیە هەمووپانم خۆشەوێت و گرنگن بەڵام لەوانەیە پەیکەری (شاسوار ئەنەد)م زۆر لا گرنگ بێت چونکە پەیکەرکی بەنزی زۆر ئاماژ و وردەکاری زۆری تیایە ماوەیەکی زۆر کاتیان داپەم بە دروستکردنی دراسە وتوێژینەوەم لەسەر ئێسپ کرد دوایی دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو لە میدیای ئەڵمانی و سەرکی هەرەمی نەرد ئاین پەردەی لەسەر لابرد زۆر پەوەی هیلاك بووم ناوی خەمم بکوردی لەسەر نوسیووە بە مێژو ئەمەتەوە،هەموو پەیکەرکانم گرنگن و جێی شانازی خەمن هیوادارم کوردیش ڕۆژێك بێت گرنگی بە کەسایەتیکانی خۆی بات کە دەسزانە و خەبەخشانە کاریان کردوە،لەهەموو حاڵەتکا و لەکەتایا ئەمە هەرکوردین،هیوادارم ڕۆژێك بێت ببینە خاوەنی وڵات و کوردسانکی گەورە ئوکات توانا و ئەزمون و سلێقەی خەڵکانی دەسزبە بنیاتنانی کوردستان بێت.




TAYAHN JIAMSI


www.shwankamal.webs.com

کتێب\ ئامانەکی خراپ بۆ بزووتنەوەی ژنان و ئامۆژگاری سۆشیالیستیی وەاتی کۆنداو.. عەبدوڵا سەلمان(مەشخەڵ)

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن..

AbdullahSleman_CALDownload

ناساندن فیلۆفیا، زنجیرەی باوکراوە ١٣٨.. ابراهیم موحەمەد(ئەبو ئیهام لەقای)

فیلۆفیا: تێگەیشتنێك لە ترس لە خۆشویستی و چوونە نێو پەیوەندییە سۆزداریيەکانەوە.

فیلۆفیا، کە بە ترس لە خۆشویستی و چوونە نێو پەیوەندییە سۆزداریيەکان ناسراوە، حاڵەتێکی دەروونییە کە کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیانی کەسایەتی و کۆمەڵایەتی تاکەکان هەیە.
فیلۆفیا وشەیەکی یۆنانییە کە لە "philo" (خۆشویستی) و "phobos" (ترس) پێکهاتووە. لە زانستی دەروونناسیدا، وەک ترسێکی نائاسایی و زۆر لە دروستکردن یان بڕشداریکردن لە پەیوەندی خۆشویستی پێناسە دەکرێت.

هەندێك لە هۆکارەکان کە دەبێتە هۆی دروستبوونی ئەو دۆخە دەروونییە:

1. ئەزموونی نەرێنی پێشوو: وەک پەیوەندی ناسەرکەوتوو یان بوونی خیانەتی هاوسەرگیری کە بەسەر تاکەکەدا هاتووە.
2. کێشەی پەیوەستبوون(هەگربوون): کە لە منداڵیەوە سەرچاوە دەگرێت و کاریگەری لەسەر پەیوەندیەکانی داهاتوو هەیە. (بە تێگەیشتن لەم پرسە دەتوانیت سوود لە تیۆری فرۆید پێنج ساڵی مناڵی تاک، قۆناغی ئاوەزی ژاك لاکان، تیۆری ئیریك ئیرکسۆن، هاینز کۆهت وە زۆرێك لەزاناکانی تر وەربگری).
3. کلتوور و کەمەڵگا: هەندێک نەرمی کەمەڵایەتی دەتوانن ترس لە پەیوەندی دروستبکەن.(خۆشەویستی قەدەغەیە، کچ نابێ خۆشەویستی بکا، پیاو نابێ هەست و سۆزی هەبێ و ناسك و عاتفی بێ، دواکەوتووی کەمەڵگا و کلتوور، ناوچگەرێتی و خێڵ و ستیگماکانی تر پەیوەست بەم پرسە کە کەمەڵگا و کلتوور دروستی دەکەن بۆ تاك کە هیچ کام لەمانە تەندروست و گونجاونین بۆ تەندروستی دەروونی تاك).
4. خەبەکەمزانین: کەسانێك کە متمانەیان بە خۆیان کەمە زیاتر مەترسی تووشبوونیان هەیە.

نیشانەکان بەشێوەیەکی گشتی بەم جۆرەن:

- دڵەڕاوکێی بەردەوام سەبارەت بە پەیوەندیەکان.
- خۆدوورخستنەوە لە دۆخە کۆمەڵایەتیەکان.
- نەتوانین لە سۆزداری بوون یان هەستنەکردن بە خۆشەویستی.
- نیشانە جەستەییەکان وەک خەرابوونی لەدانی دڵ کاتێک باسی پەیوەندی دەکرێت.(ئەم نیشانەیە بە کاردانەوەی فیزیکی گوزارشت دەکرێ).

چارەسەر:

1. چارەسەری دەروونی: یارمەتی کەسەکە دەدات بۆ تێگەیشتن و گۆڕینی ئەو بیرۆکانەی ترسەکانی، چارەسەری ڕەفتاری-مەعریفی (CBT): یارمەتی دەدات بۆ گۆڕینی بیرکردنەوە و ڕەفتارە نەرێنیەکان.
2. دەرمان: لە هەندێک حاڵەتدا، دەرمانی دژە دڵەڕاوکێ دەتوانێت یارمەتیدەر بێت.
3. خود-چاودێری(دەتوانین بڵێین Self -care گرینگیدان بەخۆت، یاخود بە ئەم باسە دەتوانن سوود لە تیۆری Self theropy

کارە جۆرس وەربگرن کە لەم بارەوکراوەکانی ئابردوومدا ئەم تیرەم ووشکردنەوە و لینکی بەڵاوکراوەکە لە کۆمێنت دادەنێم) : وەرزش، خواردنی تەندروست و خۆی باش دەتوانن یارمەتیدەربن.

سەرچاوەکان:

1-
https://my.clevelandclinic.org/health/diseases/22521-philophobia-fear-of-falling-in-love

2- https://www.webmd.com/anxiety-panic/what-is-philophobia

3-
https://www.medicinenet.com/what_are_the_signs_of_philophobia/article.htm

4- https://www.centreofexcellence.com/overcoming-fear-of-love/

«مەرگەکی هەواسراو» ی یووسف ئیسماعیل چاپ و بڵاو کرایەوە

کتێبی مەرگەکی هەواسراو، لە شازدە چیرۆکە پێک دێت. ناوی کتێبەکە گوزارشتە لە تەواوی چیرۆکەکانی نێو کتێبەکە. چیرۆکەکان فرەهەندە و دەکرێ لە گۆشەی جیاوازەوە لێی بدوانی. پێکهاتوون لە تەنز، ئەمانسی، خیانەت، گەندەڵی، سیاسی ...تاد... نووسەر هەندێک لە چیرۆکەکانی باس لە کۆشۆ کەمەڵاتیەکان و کۆشەی نێو خێزانی هەر تاکێکی کورد دەکات، کە بەشێوەیەکی چڕ بەخش و گەانەوەیەکی پێ لە فلاشباک.

یووسف ئیسماعیل، نووسەری کەمەڵە چیرۆکی مەرگەکی هەواسراو گوتی: ئەم کتێبە دەبێتە یەکەم کتێبی من بە چاپکراوی، کە دوای ئەوە چەند کتێبکم نووسیوە و بڵاو چاپ نەکراوە. نووسەر گوتیشی: لە چەند بواردا توانی نووسینم هەیە و نووسیومە و لە ئەژنامەکان بڵاوم

کردووەتەوە، بەناو خودی خەم لە ژانەری چیرۆکدا دەزیوەتەوە، دەموەت لە چیرۆکنووسین بگردەوام ببم. ئەمە لە کەمپەینگای کوردیدا لەووی چیرۆکەوە زۆر دوورمەند نین لەچاو ژانرۆکانی تر وەک شیعر، وتار، ڕۆمان... تاد. چیرۆک کەم ئیشی لەسەر کراوە لەبەرامبەر ژانرۆکانی تر، بە پێچەوانەی سانای ئابردووە کە باس دەکرێت لە حەفتاکان و هەشتاکانی ئابردووە لە خوێندەر و نووسینی ژانەری چیرۆک لە پلەیەکی باناتردا بووە. بۆیە بۆیارم دا یەکەم کتێبی چاپکراوم کەمپەینی چیرۆکەکی ئەدەبی بێت.

کەمپەینی چیرۆکەکە لە دووتوێی سەد و بیست و شەش لاپەڕەدا کۆکراوەتەوە، ئێستا لە کتێبخانە کوردیەکان بەردەستە.
کتێبی مەرگەکی هەواسراو، لە ساڵی 2024 لە چاپخانەی پاندە لە سلێمانی چاپ کراوە.

گومانییبوون.. شیعر/ کاوە عوسمان

گومانیە بوون،،
لە گیان،،،
بەدوای سەراختا..
شوێن بوتە گۆڵەری شتە گیاندەرچوەکان
شنەباش بەنی تەنیایی لەدە،،
هەورەکان دەی تەیان ئاوەرێنە
دارەکان لە فرمێسکا ئەدرەوشێنەوە
کەس نیە لە شەقامە چۆڵ و بێ چرپەکان
تەنها جێستەی من نەبە..
لە ژێر نوری زیوینی مانگەکی تەمهەجنا..
وەک تارمایەکی غەمگین دە و دەچە،،
مەمک لە کوخەکا
لە دوورەوە ، بریشکەیەتی ..
بەڵی تروسکەی ئاوینە بە،،
گیانی دەرچە؟

پەنا دەبەم سنەوبەرێک دەستم بگرێ
بروسکەیەک ڕەحم بەرێ
تارمایەک بێ هەنای..
هەڵکی شەکەتا بچێ
دەمەوێت پشوو بدەم
لە گەڕان ماندووم،
هەموجێیەک ئەمشەو..
بەنی تەنیایی و نامەیی لیدەن،،
هەر سووچێک و پەناگەیەک یادەدەنێ ،
لەپەتاو، لە خەیاڵی گومەایێدا..
نەو زوقم و تەمتومانی نامەیێدا،،
تارماییەک بێ باڵای ئەو..
لە باخەکی چەڵی غەمگینا دەرئەکەوێ ،،
بەڵی ئەو بێ..
لەم خەزانی دەورینێ …
فریادڕەسی مەرگەساتی نامەییم بێ ؟
گەمەاییبوونێ،
تاڵی هەنگینی زوڵفی ئەستێرەکان..
لە یەک ئاڵاون و..
دەربازیان نابێ،،
چرێ درەوشاوەکانیش،،
چاوەڕێی تیشکی سپێدەیەکن..
هەر ناگاتەجێ،
گەمەاییبوونێ،
بێ نەوپەلی زەردی ئەو درەختێ..
پیرانەی بەلادا کەوتوون،،
هەشتا بەهەودا دەشنەنەوە…
بێ سەراخت،،
هەموو شتەک بەنی تەنیایی لیدەن،
ئەو پردەی هەوبارەکی ووشک جێی دەهێ،،
ئەو هەورانەی نیگای عیشقیان…
لە فرمێسک و خونا تەزاوێ
لە زیندانی ئاسمانەکی…
چوارمێخەکێ کەشراوا…
دەروازەیەکیان نابێ ،
ئەو گوانەی بێ ویستی خەیان..
لە ژێر نەشتەری هەشبادا،،

ئەمشەو پەرت پەرت ئەبێ،،
ڕزگاربونیان نابێ،،
ئەمشەو جەستە بێ نەو..
کەناری نوقم لێ تەما..
یەخسیر ئەبێ، ،،
کەنار دەریا چۆڵ ،،
ڕەح لێ ئافاتی بوونا..
گومڕا ئەبێ،،
دێ بەهەودا و نائارام ..
مەستی زایەڵەی تەنیایی شنەبای ..
نەو کەڵگێ غەمگینەکان ئەبێ،
سەیرە پەکێ ژەهری …
ڕژاوی ڕەشی ئەمشەو،،
تەواو نابێ
دنیا تا ئەبەد ڕوناک نابێ
دڵەم و چیتر..
باوەشم بێ گەانەوەی..
پەڕەسەلکێ پەمەیەکانی…
فیردەوسی منالی نابێ…
دڵەم و چیتر ،،
باکم بێ تیغی پەئازاری…
شنەبای زەریا تەمەچنەکان..و..
بریسکەی نیگای ..
مانگەکی نغرە لێ خەما نابێ.

……

تێبینی/ وێنەکێ کارەکی هونەری فۆتۆگرافەر
Arcaion
بێ سوپاسەوە لێ پەیجی فەرمی خۆی وەرگیراوە